Stay|Safe|Sheff

# هەواگۆڕ و هەواسازدان

وەکو بەشێک لە هەڵسەنگاندنی مەترسیەکان، بەپێی یاسا سەرجەم کارمەندان پێویستە دلنیابنەوە لەوەی هەوای خاوێن هەیە لەسەرجەم شوێنە داخراوەکانی کارەکە. لەوانەش هەوای پاقژ (لەگەڵ سەرجەم یارمەتیەکانی تری وەکو دەست و چاو و بۆشایی) لەکاتی دووبارە کردنەوە، مەترسی گواستنەوە کەمدەکاتەوە و یارمەتیدەر دەبێت تاوەکو شوێن/کارەکەت لە کۆڤید پارێزراوبێت.

## گرنگترین لیستی پێداچوونەوە

☑ **تێبگە بۆچی هەوای پاقژ/هەواگۆڕکێ زۆر گرنگە.** رێگەدان بە هاتنەژوورەوەی هەوای پاقژ دەکرێت یارمەتیدەربێت لە لابردنی نەهێشتنی ئەو هەوایەی کەوا توخمی ڤاریۆسەکەی تێدایە و رێگری دەکات لە بلاوبوونەوەی ڤاریرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید19-). کاتێک کەسێک ڤایرۆسەکەی هەیە و هەناسە دەدات، قسە دەکات، دەکۆکێت یان پژمەی دێت، هەندێک توخم دەردەدەن کەوا ڤایرۆسەکەی لەخۆ گرتووە - دلۆپی بچوک دەکرێت لەهەوادا بمێننەوە. ئەگەر کەسێک لەکاتی هەناسەدان ئەم توخمە هەڵمژێت، دەکرێت توش بن.

☑ **تەماشای هەواگۆڕکێی سروشتی بکە** رێگەبدە هەوای خاوێن بە دەرگاکان و پەنجەرەکاندا بڕوات و ئامێرەکانی هەواگۆڕکێ خاوێن بکەوە و کە دەتوانرێت بەشێکی یان بەتەواوەتی بکرێنەوە. تەنانەت کردنەوەی دەرگاکان بۆ ماوەی 10 خولەک دەتوانێت گۆڕانکاری درووست بکات.

☑ **تەماشای هەواگۆڕکێی میکانیکی بکە** پانکە و دکتی هەواگۆڕکێ بەکاربهێنە تاوەکو هەوای خاوێن لەدەرەوە بهێنێتە ژوورەوە. ئایا هەواگۆڕکێی میکانیکی کراوەتە بەرزترین ئاست و بە باشی کاردەکات؟ 6 هەواگۆڕین لەماوەی کاتژمێرێکدا (6ACH) ستانداردێکی باشە.

☑ تەماشای سەرجەم شوێنەکانی ناوەوە بکە وەکو ژووری کارمەندان و توالێتەکان.

☑ **ئایا لە یەک کاتدا هەر جێگایەک چەند کەس بەکاری دەهێنن؟ و بۆ ماوەی چەند بەکاری دەهێنن؟** مەترسیەکان زیاد دەکەن ئەگەر شوێنەکە هەواگۆڕکێی باشی تێدا نەبێت و زیاتر لە یەک کەسی تێدابێت. تاوەکو زیاتر لە شوێنەکە بمێنێتەوە، مەترسیەکان زیاتر دەبن. پێویستە ژمارەی کەسەکان لە سەرجەم شوێنەکان سنوردار بکەیت لە شوێنی کارەکەت بەڵام بەتایبەت لە شوێنە بچوک و داخراوەکاندا - بۆچی هێما بەکارناهێنیت تاوەکو نیشانی بدەیت چەند کەس رێگە پێدراوە بۆ هەر شوێنێکی دیاریکراو لە یەک کاتدا؟ هانی خەلکی بدە تاوەکو کاتی کەمتر بەسەرببەرن لە شوێنە جەنجاڵەکاندا، بۆ نمونە لە ژووری کارمەندان.

☑ **چ ئەرک و چالاکیەک لە هەر جێگایەک بەڕێوەدەچێت؟** ئەگەر چالاکیەکە پێکهاتبێت لە هەناسەدانی قوڵ (کۆششی جەستەیی، هاوار کردن) دەبێت لە شوێنێک ئەنجام بدرێت کەوا هەواگۆڕکێی گونجاوی لێیە، بگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی تر (بۆ نمونە دەرەوە) یان لەرێگەی کارکردن بەتەنها

☑ **ئایا هیچ شتێک لە شوێنەکەت کاریگەری لەسەر هەواگۆڕکێ هەیە؟** ئامێر و کەلوپەلی گەورە دەتوانن رێگری بکەن لە هەواگۆڕکێ - بیر لەوە بکەوە چۆن دەتوانی هەواگۆڕکێ باشتر بکەیت ئەگەر ئەم کێشەیە هەبوو.

☑ **پانکەی ئەرزی یان ئاسمانی بەکارمەهێنە لە شوێنێک کە هەوا گۆڕکێی خراپی لێبوو -** ئەمە تەنها هاتوچۆ بە توخمەکانی ڤایرۆسەکە دەکات

Sheffield City Council

☑ **ئایا سیستەمی هەواگۆرکێی ئاڵۆزت هەیە؟** دەکرێت ئەمە لەهەندێک لە بینا کۆنەکان کێشەبێت، ئەو باڵەخانانەی کەوا لە نهۆمێک زیاترن یان ئەو سیستەمانەی کەوا بۆ بەرهەمهێنان نەخشەیان کێشراوە. ئەگەر وایە، لەرێگەی دامەزراوەی Chartered Institution تەماشای رێنماییەکانی خزمەتگوزاری ئەندازیاری باڵەخانە (CIBSE) بکە، یان لەوانەیە پێویستت بە ئەندازیارێکی هەواگۆرین هەبێت تاوەکو ئامۆژگاری گونجاوت پێشەکش بکات و پێت بڵێت چ سیستەمێکت پێویستە بۆ کەمکردنەوەی مەترسی ئەگەری گواستنەوەی مەترسیەکان. https://www.cibse.org/coronavirus-covid-19/emerging-from-lockdown

☑ لەگەڵ تیمەکەت قسە بکە دەربارەی گرنگی هاتنەژوورەوەی هەوای پاقژ و هەندێک رێگای کرداریان نیشان بدە تاوەکو ئەنجامی بدەن.

زانیاری زیاتر بەردەستە لەرێگەی HSE
**https://www.hse.gov.uk/coronavirus/equipment-and-machinery/air-conditioning-and-ventilation/index.htm**

میوانخانەکان دەتوانن ئەم ئینفۆگرافیە بەسودە بەکاربهێنن لەرێگەی BEAMA
**https://www.beama.org.uk/resourceLibrary/beama-covid-19-ventilation-guidance-infographic--hospitality-.html**

سەردانی لاپەرەی سەرچاوەکانی کارەکەمان بکە بۆ پۆستەر و لیستی پێداچوونەوەی سودبەخش-بە زمانی ئینگلیزی و 9 زمانی تر بەردەستە
**www.sheffield.gov.uk/coronavirusbusinessresources**

**www.sheffield.gov.uk/coronavirus-business**